walamakan.com

# گەشتی ئەبەدی

## وەسفی بەهەشت و چێژی دیداری خودا

﴿ وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ ﴾

وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە
ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی بەهەشتی کردووەتە پاداشتی بڕواداران و مژدەی دیداری خۆی پێ بەخشیون.

گەورەترین هاندەر بۆ مرۆڤ لەم دنیایەدا، هەبوونی ئامانجێکی پیرۆزە. ئەم کتێبە هەوڵێکی دڵسۆزانەیە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو هیوا و شەوقەی کە پێویستە لە دڵی هەر یەکێکماندا هەبێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا.

ئەی ئەو کەسەی ماندووی دەستی ڕۆژگاری؛ ئەی ئەو کەسەی دڵت بەدەست خەمەکانی ژیانەوە بریندارە و ڕوحت تینووی ئارامییەکی ئەبەدییە!

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ساتێک لە جەنجاڵی ئەم کاتژمێرە کورتانەی تەمەن داببڕێیت و گەشتێک

بکەیت بەرەو ئەو شوێنەی کە نە چاو بینیویەتی، نە گوێ بیستویەتی و نە بە خەیاڵی هیچ مرۆڤێکدا گوزەری کردووە؟

**بەهەشت...** ئەو نیشتمانەیە کە تیایدا "ماندووبوون" دەبێتە ئەفسانە و "گریان" دەبێتە وشەیەکی فەرامۆشکراو. ئەوێ وڵاتی ئەو ڕووبارانەیە کە بەبێ کەنار دەڕۆن، ئەو کۆشکانەیە کە خشتەکانی لە زێڕ و زیوە، و ئەو باخانەیە کە میوەکانی خۆیان نزم دەکەنەوە بۆ دەستی باوەڕداران، بەڵام هەموو ئەمانە لە لایەک و لوتکەی چێژ و مەزنی لە لایەکی تر؛ ئەویش کاتێکە کە پەردە لەسەر چاوەکان لادەچێت و گەورەترین پاداشت بەدەست دێت کە ئەویش : **بینینی خوای پەروەردگارە.**

لەو چرکەساتەدا، مرۆڤ هەموو ئازارەکانی دونیا و هەموو سەختییەکانی سەر زەوی لەبیر دەچێتەوە. تەنها یەک سەیرکردنی پەروەردگار، بەسە بۆ ئەوەی ڕۆح بۆ هەتا هەتایە لەناو دەریایەکی بێ کۆتایی لە بەختەوەریدا نوقم بێت.

بە ڕاستی یەکێک لە گەورەترین و مەزنترین ئەو شتانەی کە ئیمان و باوەڕ زیاد دەکات و دڵەکان شادمان دەکات، بریتییە لە دروستکردنی شەوق و تامەزرۆیی بۆ بەهەشت و قسەکردن لەسەر خۆشی و نیعمەتەکانی.

لەناو جەنجاڵییەکانی ئەم ژیانەدا، کە پڕە لە گوشار و خەم و ڕاڕایی؛ ئێمە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بەو شەوقە هەیە تا ڕۆحمان ئارام بکاتەوە.

هۆکاری وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردی، هەستکردن بوو بە پێویستیی خوێنەری کورد بە سەرچاوەیەک کە بە زمانێکی پاراو و کاریگەر و کورت و پوخت وەسفی جوانییەکانی بەهەشت و ڕێگاکانی گەیشتن بەو ماڵە ئەبەدییەمان بۆ بکات. . لە خودای میهرەبان داواکارین ئێمە و ئێوەش لە بەهەشتە نەبڕاوەکەیدا کۆبکاتەوە و ئەم کارە ببێتە مایەی سوود و بێدارکردنەوەی دڵەکانمان."

**١. بەهەشتی دونیا:** پێش بەهەشتی قیامەت، بەهەشتێک لەم دونیایەدا هەیە، ئەویش شیرینیی باوەڕ و چێژی نزیکبوونەوەیە لە خودای مەزن.

لە فەرمووودەدا هاتووە: " ثلاثٌ مَن كُنّ فيه وجد بهنّ حلاوةَ الإيمانِ " (رواهُ البخارِي) هەرکەس سێ خەسڵەتی تێدابێت، شیرینیی ئیمان دەچێژێت"، بۆیە ئیمان تام و چێژێکی هەیە کە تەنها ئەو بڕوادارانە هەستی پێدەکەن کە ڕوویان لە خودایە.

**٢. مژدەی کۆتایی:** بڕوادار لەکاتی سەرەمەرگ و پێش ئەوەی چاوی لە دونیا دابخات ، فریشتەکانی میهرەبانی دێنە لای و مژدەی بەهەشتی پڕ لەنازو نیعمەتی دەدەنێ؛ وەک خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ٣٠﴾(فصلت)

واتە: ئەو کەسانەی کە ئەڵێن پەروەردگاری ئێمە تەنها (الله) یە، پاشان ئیستیقامەیان هەیەو جێگیرو چەسپاو و دامەزراون لەسەر یەکخواپەرستی، فریشتەکانی خوای گەورە لە کاتی گیانکێشان دائەبەزنە سەریان و پێیان ئەڵێن: ئێوە مەترسێن ترستان لەسەر نیە لەمەودوا ئەمین ئەبن،وە خەفەتیش مەخۆن لەوەی کە لە دونیا بەجێتان هێشتووە لە سەروەت و سامان، چونکە خوای گەورە باشترتان پێ ئەبەخشێ ، وە موژدە بێ لێتان بەو بەهەشتەی کە ئێوە بەڵێنتان پێ درابوو.

لەو ساتەدا هیچ شتێک لای بڕوادار خۆشەویستر نییە لە دیداری خودا، چونکە دەزانێت ڕەزامەندی و کەرەمی خودای لەپێشە و مسۆگەرە.

**٣. لە قەبردا:** کەسی بڕوادار لە ناو قەبرەکەیدا شوێنی خۆی لە بەهەشت دەبینێت، هێندە تامەزرۆ دەبێت، داوا دەکات و دەڵێت: "پەروەردگارم! قیامەت بەرپا بکە تا زووتر بگەمەماڵەکەم".

**٤. ئامانجی پێغەمبەران:** تامەزرۆکردن و هاندان بۆ بەهەشت لە دەیان ئایەت و فەرموودەدا دووبارە بووەتەوە، ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ناردنی پێغەمبەران؛ وەک خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ﴾

**٥. ماڵێک کە کەس وێنای نەکردووە:** بەهەشت ئەو شوێنەیە کە خودای گەورە و میهرەبان بۆ بەندە ساڵحەکانی ئامادەی کردووە؛ تێیدا شتگەلێک هەن کە نە چاو بینیویەتی، نە گوێ بیستویەتی و نە بە خەیاڵی هیچ مرۆڤێکدا گوزەری کردووە.

**٦. دەرگاکانی بەهەشت کراوەن:** بەهەشت ئێستا بوونی هەیە و ئامادەیە، دەرگاکانی هەموو ڕۆژانی دووشەممە و پێنجشەممە دەکرێنەوە، هەروەها لە مانگی ڕەمەزاندا هەموو دەرگاکانی دەکرێنەوە ، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی " إِذا جَاءَ رَمَضانُ فُتِحَتْ أَبْوابُ الجَنَّةِ" (رواهُ البخارِي)

**٧. واتای بەهەشت:** لە زمانەوانیدا "جەننەت" واتای ئەو باخە دێت کە دارەکانی هێندە چڕ و پڕن ناوەوەیان داپۆشیوە. بەهەشتیش بەوە ناونراوە، چونکە ئەو هەموو نیعمەتەی تێیدایە، لەم دونیایەدا لەبەرچاومان شاراوەیە.

**٨. ماڵی هەمیشەیی:** بەهەشت (دار الخلد)ـە، واتە ئەو ماڵەی کە هیچ کات تێیدا دەرکردن و کۆتایی هاتن بوونی نییە.

**٩. جەننەتی نەعیم:** ماڵی خۆشییەکانە؛ تێیدا مرۆڤ بە هەموو جۆرە خواردن، خواردنەوە و پۆشاکێک کە ئارەزووی بکات، کامەران دەبێت.

**١٠. جەننەتی مەئوا:** واتە ئەو شوێنە جوانەی کە پیاوچاکان و ساڵحان بۆی دەچن و تێیدا نیشتەجێ دەبن، و خۆشی و بەخشیشی هەمیشەیی تێدا دەدۆزنەوە.

**١١. باخەکانی عەدن:** ئەو باخە هەمیشەییانەی کە مرۆڤ هەرگیز تێیاندا وەڕس و بێزار نابێت، بەهۆی نوێبوونەوەی بەردەوامی چێژەکانییەوە.

**١٢. دار السلام:** ماڵی ئاشتی و سەلامەتییە؛ نیشتەجێبوانی لە هەموو ئازار، خەم، برسێتی، نەخۆشی و تەنانەت لە مردنیش سەلامەت دەبن.

**١٣. پردی پاکبوونەوە:** دوای لێپرسینەوە و پەڕینەوە لەپردی "صراط"، بڕواداران لە شوێنێکدا بە ناوی "القنطرة" دەوەستێنرێن، تاوەکو دڵەکانیان لە هەموو ڕق و کینە و ناخۆشییەک کە لە دونیادا لەنێوانیاندا هەبووە پاکبێتەوە، و بە دڵێکی سافەوە بچنە بەهەشت.

**١٤. یەکەم کاروان:** یەکەم کۆمەڵ کە دەچنە بەهەشتەوە، ڕوخساریان وەک مانگی شەوی چواردە دەدرەوشێتەوە، و ژمارەشیان حەفتا هەزار کەسە. رواه البخاري

**١٥. یەکەم میوان:** یەکەم کەس کە لە دەرگای بەهەشت دەدات و بۆی دەکرێتەوە و دەچێتە ژوورەوە، پێشەوامان محمدە (ﷺ). رواه مسلم

**١٦. یەکەم ئوممەت:** ئوممەتی پێغەمبەری خوا محمد (ﷺ) یەکەمین ئوممەت دەبن کە دەچنە ناو ئەو بەهەشتەوە . رواه البخاري

**١٧. دەرگاکانی بەهەشت:** بەهەشت هەشت دەرگای هەیە، هەندێک لەو دەرگایانە :

دەرگای (ڕەییان) بۆ ڕۆژووەوانان.

دەرگای (جیهاد) بۆ تێکۆشەران.

دەرگای (نوێژ) بۆ نوێژخوێنەکان.

دەرگای (بەخشین) بۆ خێرخوازان.(رواهُ البخارِي)

**١٨. بۆنی بەهەشت:** بۆنی بەهەشت هێندە خۆش و بڵاوە، بڕوادار لە دووریی چل ساڵەوە هەستی پێدەکات. (رواهُ البخارِي)

**١٩. کۆڕی ئازیزان:** تەنها خەیاڵ بکە؛ کاتێک دەچیتە ژوورەوە و چاوت بە پێغەمبەران، هاوەڵان و پیاوچاکان دەکەوێت، ئەو ساتە چ هەستێکی خۆشت دەبێت؟

**٢٠. ناونیشانی ماڵەکەت:** ڕەنگە ئەمە پرسیاری تۆ بێت ئەگەر چوومە بەهەشتەوە، چۆن ماڵەکەی خۆم بناسمەوە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت : سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بەدەستە، هەر یەکێکیان (لە بەهەشتدا) شارەزاترە بە ماڵ و

شوێنی خۆی، وەک لەوەی لە دونیادا شارەزای ماڵەکەی خۆی بووە .(رواهُ البخارِي)

واتای ئەمە ئەوەیە: خودای میهرەبان ئیلهام دەداتە بڕوادار و خۆی ڕێنوێنی دەکات بۆ شوێنەکەی لە بەهەشتدا، بێ ئەوەی پێویستی بەوە بێت کەس ڕێگاکەی نیشان بدات.

٢١. پانی و فراوانی: بەهەشت یەکجار پان و بەرینە، خودای گەورە ئاماژەی بەوە کردووە و دەفەرموویێت: ﴿ ۞ وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ١٣٣ ﴾ [آل عمران]

واتە: وە پێشبڕکێ و پەلە بکەن بۆ لێخۆشبوونێک لە پەروەردگارتانەوە، وە بۆ بەهەشتێک کە پانتایەکەی

فراوانە بە فراوانی ئاسمانەکان و زەوی کە گەورەترین دروستکراون .

مرۆڤەکان هیچ شتێک لەوە گەورەتر شک نابەن کە هێندەی ئاسمانەکان و زەوی بێت، بۆیە ئەم دەربڕینە بۆ نزیککردنەوەی وێنای پانایی بەهەشتە لە مێشکیاندا.

خودای گەورە باسی درێژییەکەی نەکردووە، چونکە زۆربەی کات درێژی لە پانایی زیاترە. یەکێک لەو بەڵگانەی نیشانەی فراوانیی و گەورەیی بەهەشتە، ئەم فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: نزمترین پلەی ئەهلی بەهەشت، کەسێکە کە هێندەی دە ئەوەندەی دونیا موڵک و ماڵی هەبێت.

(رواه مسلم).

ئەمەش دەریدەخات کە بەهەشت بە شێوەیەک فراوانە کە مێشکی مرۆڤ ناتوانێت وێنای بکات.

هەروەها بۆ جەختکردنەوە لە فراوانییەکەی، لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : لە بەهەشتدا دارێک هەیە، سوارچاک سەد ساڵ لەژێر سێبەرەکەیدا بڕوات، ناتوانێت بیبڕێت و کۆتایی پێ بهێنێت. (رواهُ البخارِي)

**٢٢. پلە و پایەکان:** بەهەشت سەد پلەیە و لەنێوان هەر پلەیەک بۆ پلەیەکی تر سەد ساڵ مەودایە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " الجنةُ مائَةُ درجةٍ ما بينَ كلِّ دَرَجَتَينِ مائةُ عامٍ " رواه أحمد بسند صحيح.

خەڵکی بەهەشت سەیری پلە بەرزەکان دەکەن وەک

چۆن ئێمە لە دنیا شەوان سەیری ئەستێرە گەشەکانی ئاسمان دەکەین. رواه البخاري

بۆیە با لێرە لە دنیا پێشبڕکێ بکەین و هەوڵی زیاتر بدەین لە کاروکردەوەی چاک بۆ ئەوەی لە بەهەشتدا بگەین بە پلە بەرزەکان ، وە بەرزترین پلەی بەهەشتیش کە ناوی (وەسیلە) یە، تەنها تایبەتە بە یەک کەس ئەویش پێشەوا و سەروەرمان موحەممەدە ﷺ

**٢٣. کۆشک و تەلارەکان:** لەوێ کۆشک و تەلارەکانی خشتێکی لە ئاڵتونە و خشتێکی لە زیوە و گیراوەکەشی لە میسکە و چەو و بەردەکەشی گەوهەر و مرواریە و خۆڵەکەشی زەعفەرانە.

**٢٤. جوانیی باڵا:** بڕواداران لەسەر شێوەی باوکە ئادەم دەچنە ژوورەوە؛ باڵا بەرز، بێ موو، چاوڕەش و گەنج، کە تەمەنیان لە ٣٣ ساڵیدا جێگیر دەبێت. رواه البخاري

**٢٥. خێمە مرواریییەکان:** لە بەهەشتدا چەندین خێمە هەن، وەک خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ حُورٌ مَّقۡصُورَٰتٌ فِي ٱلۡخِيَامِ ٧٢ ﴾ [الرحمن]

وە لە فەرموودەشدا هاتووە: باوەڕدار لە بەهەشتدا خێمەیەکی بۆ هەیە لە مرواری ناوبۆش دروستکراوە درێژیەکەی شەست میلە (لە هەر سوچێکدا هاوسەری تێدایە) باوەڕدار بەسەریاندا دەگەڕێت و کەسیان یەکتر نابینن واتە: خێزانەکانی یەکتر نابینن. (رواه مسلم).

کەواتە هەم پانایی و هەم درێژییەکەی شەست میلە! ئای لەو گەورەییە، تەنها خەیاڵی بکە کە خێمەیەک بەو قەبارەیە و لە یەک پارچە مرواری دروست کرابێت! پاک و بێگەردی بۆ پەروەردگار!

٢٦. **داره زێڕینەکان:** هیچ دارێک لە بەهەشتدا نییە ئیللا قەدەکەی لە ئاڵتونە. رواهُ الترمذِيُّ بسندٍ صحيح.

٢٧. **داری طوبا:** لەناو بەهەشتدا دارێک هەیە بە ناوی (طُوبى)، کە سوارچاک لەژێر سێبەرەکەیدا سەد ساڵ ڕێ بکات، ناتوانێت کۆتایی پێ بهێنێت و بیبڕێت. (رواهُ البخارِي)

پاک و بێگەردی بۆ پەروەردگاری مەزن

**٢٨. پۆشاک و زێڕ و زیو:** پۆشاکیان لە حەریرەو بە بازنەی زێڕو زیو خۆیان دەڕازێننەوە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ ﴿٣٣﴾﴾.

**٢٩. درەوشـــانەوەی بازنەکان:** بەهەشـــتیەکان بازن (لە زێڕ و زیو و مرواری) دەکەنە دەســـتیان؛ ئەگەر پرســـیار لەبارەی جوانی ئەو بازنانە بکەیت، ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: ئەگەر بازنی دەســتی یەکێکیان دەربکەوێت، ئەوا ڕووناکییەکەی، تیشـــکی خۆر دەکوژێنێتەوە (وایدەشـــارێتەوە)، هەر وەک چۆن خۆر ڕوونـــاکیی ئەســـــتێرەکـــان دەشارێتەوە. رواهُ أحمدُ بسندٍ صحيح.

**٣٠. شانەی زێڕ:** تەنانەت شانەکانیشیان لە زێڕی درەوشاوەیە. رواه مسلم

**٣١. جەستەیەکی پاک:** لە بەهەشتدا میز، پیسایی و هیچ شتێکی ناخۆش لە جەستە نایەتە دەر؛ خواردنەکان بە شێوەی ئارەقەیەکی بۆنخۆش وەک میسک لە جەستە دەردەچن. رواهُ مسلم

**٣٢.ماڵی ئارەزووەکان:** هەرچییەک دڵت حەزی لێ بکات، تەنها بە خەیاڵکردنی، لەبەردەمتدا ئامادەیە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ ﴾ (سورة الزخرف: ٧١)

واتە: وەئەوەی نەفسیش ئارەزووی بکات پێیان ئەدرێ ،وە ئەوەی چاوی پێ ڕۆشنا بێت تام و چێژی لێ بکەن هەموو شتێکیان پێ ئەدرێ .

**٣٣. کۆشکە چەند نهۆمەکان:** کۆشکەکان نهۆم نهۆمن و لەسەر یەک بونیاد نراون، بە شێوەیەک کە تەنها خودا دەزانێت چەند جوان و بەرزن ، خوای گەورە دەفەرمووێت ﴿ لَهُمۡ غُرَفٞ مِّن فَوۡقِهَا غُرَفٞ مَّبۡنِيَّةٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ ﴾ ( سورة الزمر: ٢٠)

واتە: لە بەهەشتدا ژووری بەرزی ڕازاوەیان بۆ هەیە، لەسەرووشیانەوە ژووری تر دروستکراوە، لە ژێر ئەو ژوورانەیشەوە جۆگەلە ئاو ئەڕوات .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خانووەکانی بەهەشت لە چەندین نهۆمی بەرز پێکهاتوون، وردەکارییەکانی ئەو بنیاتنانەش تەنها لە زانیاری خودای گەورەدایە.

**٣٤. تەخت و ڕایەخەکان:** لەسەر تەختگەلێک پاڵ دەدەنەوە کە ناوپۆشەکەی لە حەریری ئەستورە (ئەی دەبێت ڕووی دەرەوەی چۆن بێت؟!). فەرشەکان ڕاخراون و سەرینەکان بە ڕیز دانراون تا بەوپەڕی حەسانەوەوە سەیری نیعمەتەکان بکەن.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ فُرُشٍۭ بَطَآئِنُهَا مِنۡ إِسۡتَبۡرَقٖۚ ﴾ (سورة الرحمن : ٥٤)

**٣٥. قاپ و قاچاخ:** خزمەتکاران بە قاپی زێڕ و زیو لە دەوریان دەگەڕێن ، خواردنەوەکانیش بەو ئەندازەیە تێدەکرێن کە بڕوادار حەزی لێیەتی.

خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَيُطَافُ عَلَيْهِم بِـَٔانِيَةٍ مِّن فِضَّةٍ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا۠ ﴿١٥﴾ قَوَارِيرَا۟ مِن فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا ﴿١٦﴾ ﴾(سورة الإنسان)

**٣٦. میوە هەمیشەییەکان:** ئەگەر پرسیار لەبارەی بەروبووم و میوەکانی بەهەشت بکەیت، ئەوا خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ ﴿٣٢﴾ لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ ﴿٣٣﴾ ﴾ (الواقعة)، واتە: میوەیەکی زۆرو بێشومار، نە کۆتاییان دێ و نەقەدەغە دەکرێن.

بەو مانایەی کە هەرگیز میوە لە ئەهلی بەهەشت نا بڕێت و هیچ ڕێگرێکیش نییە لە خواردنیان، وەک دڕک یان بەرزیی لقەکان و هاوشێوەکانیان.

**٣٧. میوەی نزیك:** ئەم میوانە تایبەتمەندییەکی سەیر لەخۆ دەگرن، ئەویش ئەوەیە کە هەر کاتێک

ئارەزووویان بکەیت، خۆیان بۆت نزیک دەبنەوە.

خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ﴾ ( الحاقة: ٢٣) واتە: بەروبووم و میوەکانی نزیکن.

واتای ئەمە ئەوەیە: میوەکە خۆی بۆت نزیک دەبێتەوە تا لێی بخۆیت، بێ ئەوەی ئەرکی سەرکەوتن بەسەر دارەکەدا بکێشیت بۆ ئەوەی دەستت پێی بگات.

٣٨. کۆڕی یادگارییەکان: بڕواداران لەسەر تەختەکان بەرامبەر یەک دادەنیشن. خودای گەورە دەفەرموویێت ﴿عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ ﴿٤٤﴾﴾ ( الصافات: ٤٤)

و باسی دونیای ڕابردوو و ئەو ناخۆشیانە دەکەن کە خودا لێی ڕزگار کردن.

**٣٩. زمانی پاک:** لەوێ هیچ قسەیەکی پڕووپووچ، جنێو و ناخۆش نابیستیت؛ تەنها قسەی جوان و سەلام نەبێت. وەک خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا تَأْثِيمًا ﴿٢٥﴾ إِلَّا قِيلًا سَلَٰمًا سَلَٰمًا ﴿٢٦﴾ ﴾( الواقعة)

**٤٠. دڵی ساف:** خودای گەورە هەرچی کینە و ڕقە لە دڵی بڕواداران دەردەهێنێت و وەک برا دەبن. وەک خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ إِخْوَٰنًا عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَٰبِلِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾( الحجر)

**٤١. هاوسەرانی بەهەشت (حۆرییەکان):** وەک یاقوت و مەرجان جوانن؛ چاوگەش و سپی پێستن.

پاکن لە هەموو جۆرە پیسییەکی جەستەیی و دەروونی. هەمیشە گەنج و لێو بە خەندەن و تەنها سەیری هاوسەرەکانی خۆیان دەکەن. ئەگەر یەکێکیان سەیری زەوی بکات، نێوان ئاسمان و زەوی پڕ دەکات لە ڕوناکی و بۆنی خۆش.

خوای گەورە لەم چەند ئایەتە باسیان دەکا

﴿ كَأَنَّهُنَّ ٱلۡيَاقُوتُ وَٱلۡمَرۡجَانُ ﴿٥٨﴾ ﴾الرحمن: ٥٨

﴿ كَأَنَّهُنَّ بَيۡضٞ مَّكۡنُونٞ ﴿٤٩﴾ ﴾الصافات: ٤٩

﴿ وَزَوَّجۡنَٰهُم بِحُورٍ عِينٖ ﴿٥٤﴾ ﴾الدخان: ٥٤

﴿ إِنَّآ أَنشَأۡنَٰهُنَّ إِنشَآءٗ ﴿٣٥﴾ فَجَعَلۡنَٰهُنَّ أَبۡكَارًا ﴿٣٦﴾ عُرُبًا أَتۡرَابٗا ﴿٣٧﴾ ﴾الواقعة

## ٤٢. پاکوخاوێنی هەمیشەیی: جەستەی خەڵکی

بەهەشت هەمیشە خاوێنە و تف ناکەن ، چڵمیان نی یە و میز و پیسی ناکەن و هیچ جۆرە نەخۆشییەکیان نیە و نابێت. رواهُ البخاري.

## ٤٣. خزمەتکارانی بەهەشت: خودای گەورە

دەفەرموویێت: ﴿ وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا ﴿١٩﴾ ﴾ [الإنسان: ١٩]، واتە: خزمەتکارانێک بە دەوریاندا دەگەڕێن کە هەمیشە بە گەنجی دەمێننەوە، ئەگەر بیانبینیت وات دەزانی مرواریيەکی پەرشوبڵاون.

مەبەست ئەوەیە ئەم خزمەتکارانە ، تەمەنیان ناگۆڕێت و پیر نابن، بەڵکو لەسەر یەک حاڵەتی گەنجی و جوانی دەمێننەوە. ئەرکی ئەمانە

خزمەتکردنی ئەهلی بەهەشت و جێبەجێکردنی داواکارییەکانیانە. خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا شوبهاندوونی بە "مرواری"؛ ئەمەش بەهۆی جوانیی ڕوخسار و گەشانەوەیانەوەیە.

**٤٤. کانییەکانی بەهەشت:** کانی "سەلسەبیل"، "کافور" و "تەسنیم"؛ هەر یەکەیان تام و چێژێکی تایبەتی هەیە کە لە کۆشکەکاندا بە ئارەزووی بڕوادار دەفوارێن (هەڵدەقوڵێت) وەک لەم ئایەتانەدا هاتووە: ﴿ عَيۡنٗا فِيهَا تُسَمَّىٰ سَلۡسَبِيلٗا ١٨ ﴾الإنسان: ١٨

﴿ إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ يَشۡرَبُونَ مِن كَأۡسٖ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا ٥ ﴾الإنسان: ٥

﴿ وَمِزَاجُهُۥ مِن تَسۡنِيمٍ ٢٧ عَيۡنٗا يَشۡرَبُ بِهَا ٱلۡمُقَرَّبُونَ ٢٨ ﴾
المطففين: ٢٧ - ٢٨

**٤٥. نەبوونی خەو:** لەبەهەشت خەو نییە، چونکە ماندووبوون نییە. خەو برای مردنە، لە بەهەشتیشدا نە مردن هەیە و نە خەو. رواهُ الطبرانيُّ في الأوْسَطِ بِسَنَدٍ صحيحٍ.

**٤٦. ڕووبارە نەبڕاوەکان:** ڕووباری ئاوی ساف، شیری بێ گۆڕان، شەرابی لەزەتبەخش و هەنگوینی پاڵفتەگراو. ئەم ڕووبارانە لە ژێر کۆشکەکاندا دەڕۆن بێ ئەوەی پێویستیان بە جۆگە و هەڵکەندن بێت. ﴿مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ فِيهَآ أَنۡهَٰرٞ مِّن مَّآءٍ غَيۡرِ ءَاسِنٖ وَأَنۡهَٰرٞ مِّن لَّبَنٖ لَّمۡ يَتَغَيَّرۡ طَعۡمُهُۥ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ خَمۡرٖ لَّذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ عَسَلٖ مُّصَفّٗىۖ وَلَهُمۡ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَمَغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡۖ كَمَنۡ هُوَ خَٰلِدٞ فِي ٱلنَّارِ وَسُقُواْ مَآءً حَمِيمٗا فَقَطَّعَ أَمۡعَآءَهُمۡ ١٥﴾ محمد: ١٥

**٤٧. بازاڕی بەهەشت:** هەموو هەینییەک بازاڕێک هەیە؛ کاتێک بڕواداران لێی دەگەڕێنەوە، هێندە جوانتر و گەشاوەتر بوون، خێزانەکانیان سەرسام دەبن بە جوانییەکەیان.

**٤٨. پێشوازی فریشتەکان:** فریشتەکان لە کاتی چوونە ژوورەوەی بڕواداران بۆ بەهەشت بە گەرمی بەخێرهاتنیان دەکەن، هەروەها لە ناو ماڵەکانیاندا سەردانیان دەکەن و سڵاویان لێ دەکەن.

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَدۡخُلُونَ عَلَيۡهِم مِّن كُلِّ بَابٖ ﴿٢٣﴾ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُم بِمَا صَبَرۡتُمۡۚ فَنِعۡمَ عُقۡبَى ٱلدَّارِ ﴿٢٤﴾﴾ [الرعد]، واتە: فریشتەکانیش لە هەموو دەرگاکانەوە دەڕۆن بۆ لایان و سەردانیان دەکەن بۆ پیرۆزبایی

لێکردنیان لەسەر چوونە بەهەشتیان . پێیان دەڵێن: سەلامی خوای پەروەردگارتان لەسەر بێت، کە سڵاوێکی تایبەتە بۆتان، و پارێزراو بوون لە هەموو ئازار و ناڕەحەتیەک بە هۆی ئارامگریتانەوە لەسەر گوێڕایەڵی و خواپەرستی، بەڕاستی باشترین شوێن و ئاسوودەترین جێگا بۆتان بەهەشتە .

چەندە جوانە ئەو دیدارەی کە تێیدا فریشتەکانی خودا دەبینیت دێنە لات و سڵاوت لێ دەکەن و پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە گەورەیەت لێ دەکەن؛ بە ڕاستی هەستێکی زۆر مەزنە، داواکارین لە خودای گەورە لە فەزڵ و کەرەمی خۆی بێبەشمان نەکات.

## ٤٩. لوتکەی نیعمەتەکان: گەورەترین خۆشی

و بەخشش لە بەهەشتدا، بینینی خودای گەورە و بالادەستە؛ هەموو خۆشییەکانی تری بەهەشت لەچاو ئەم نیعمەتەدا بایەخێکی ئەوتۆیان نامێنێت. خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾﴾ [القيامة: ٢٢-٢٣]، واتە: لەو ڕۆژەدا هەندێک دەموچاو گەشاوە و پڕشنگدارن، تەماشای پەروەردگاری خۆیان دەکەن.

لە فەرموودەشدا هاتووە: کاتێک ئەهلی بەهەشت دەچنە ناو بەهەشتەوە، بانگکەرێک بانگ دەکات: ئەی ئەهلی بەهەشت! خودا بەڵێنێکی پێداون و ئێستا دەیەوێت بۆتان جێبەجێ بکات.

ئەوانیش دەڵێن: ئەو بەڵێنە چییە؟

ئایا ڕوومەتمانی سپی نەکرد؟

ئایا تەرازوی چاکەکانمانی قورس نەکرد؟

ئایا نەیبردینە بەهەشت و لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری نەکردین؟

پاشان پەردە لادەبریێت و تەماشای (پەروەردگار) دەکەن؛ سوێند بە خودا، هیچ شتێکیان پێ نەبەخشراوە کە خۆشەویستر و دڵخۆشکەرتر بێت لە لایان وەک لە تەماشاکردنی پەروەردگار. (رواه مسلم).

بێگومان بڕوادار هەر کاتێک بیر لەم ساتە بکاتەوە، ئەوا دڵی پڕ دەبێت لە شەوق و پەرۆشی بۆ بینینی خودای بەخشندە و میهرەبان

**٥٠. ڕەزامەندیی هەمیشەیی:** یەکێکی تر لە مەزنترین خۆشی و بەخششەکانی بەهەشت، بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودایە.

لە فەرموودەی (بوخاری و موسلیم)دا هاتووە: خودای گەورە بە ئەهلی بەهەشت دەفەرموێت: ئەی ئەهلی بەهەشت!

ئەوانیش دەڵێن: لَبَّيْكَ (وا هاتین بەدەم بانگەکەتەوە) پەروەردگارمان و فەرمانت لەسەر سەر و چاومان.

خودا دەفەرموێت: ئایا ڕازین؟

ئەوانیش دەڵێن: چۆن ڕازی نابین لە کاتێکدا شتێکت پێ بەخشیووین کە بە هیچ کام لە دروستکراوەکانی ترت نەبەخشیوە.

خودا دەفەرموێت: من شتێکی گەورەتر و باڵاترتان پێ دەبەخشم لەوە.

دەڵێن: پەروەردگارمان! چی لەوە باڵاتر و باشترە؟

خودا دەفەرموێت: ڕەزامەندیی خۆمتان بەسەردا دەڕێژم و ئیتر لەمەودوا هەرگیز لێتان تووڕە نابم.

# ئەو کردەوانەی دەتگەیەنن

# بە بەهەشت

# أعمَالٌ تُوصِلُكَ للجَنَّةِ

١. تەوحید و یەکخواپەرستی: ئەمە گەورەترین و سەرەکیترین ڕێگایە بۆ بەهەشت ؛ چونکە هاوبەشدانان (شیرک) بەربەستێکی ئەبەدیی و هەمیشەییە لەبەردەم بەهەشتدا، وەک خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ ﴾ (المائدة : ٧٢) . واتە: هەر کەسێک شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار بدات ئەوە خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات.

ڕەنگە بڵێیت: "سوپاس بۆ خودا من موسڵمانم"، بەڵام ئازیزم، ئاگاداربە! ڕەنگە مرۆڤ بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات بکەوێتە ناو شیرکەوە؛ وەک ڕیایی، یان سوێند خواردن بە غیرەی خودا، یان پەنابردن بۆ

جادووگەر و فالگرەوەکان، و گاڵتەکردن بە بنەماکانی ئایین. ئەمانە هەندێکیان شیرکی گەورە و هەندێکیان بچووکن، بۆیە پێویستە تەوحید بناسین تا باوەڕمان بە پاکی بمێنێتەوە.

**٢. پارێزگاری لە نوێژەکان:** نوێژ دوای تەوحید و یەکخواپەرستی گرنگترین مژدەی بەهەشتە. لە قورئاندا دەیان ئایەت جەخت لەسەر ئەم پەیوەندییە ڕۆحییە دەکەنەوە. یەکێک لە دەرگاکانی بەهەشت ناوی "دەرگای نوێژە". زۆر جێی داخە کە دەبینین هەندێک کەس کەمتەرخەمن یان بە یەکجاری وازیان لێ هێناوە، لە کاتێکدا نوێژ کلیلی بەهەشتە.

**٣. چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوک**: ئەمە لە گەورەترین کارەکانە لای خودا، هەر بۆیەش لە قورئاندا ڕاستەوخۆ دوای فەرمانی پەرستنی خۆی، فەرمانی بە چاکەکاری لەگەڵ ئەوان کردووە وەک فەرموویەتی : ﴿ ۞ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنًاۚ ﴾(الإسراء : ٢٣)

دایک و باوک دەروازەی ناوەڕاستی بەهەشتن؛ بۆیە هەوڵ بدە ئەم دەرگایە بە ڕووی خۆتدا دانەخەیت و بە چاکەکردن لەگەڵیاندا، ڕەزامەندیی خودا بەدەست بهێنیت.

**٤. بەخشین و چاکەکردن لەگەڵ خەڵکیدا:**

مژدە بۆ ئەو بەخشندانەی لە پێناو خودادا لەماڵ و

سامانیان دەبەخشن. ئەمانە ئەو کەسانەن کە تێگەیشتوون چۆن سوود لە سەرمایەکەیان دەبینن و بەشێکی بۆ قیامەتیان پاشکەوت دەکەن. جێی سەر سوڕمانە کەسێک خاوەنی سەروەتێکی زۆر بێت و ڕەزیلی بکات، لە کاتێکدا دەزانێت دوای مردنی هەمووی بۆ میراتگرەکانی دەمێنێتەوە، کە ڕەنگە ئەوان بیریشیان نەیەت خێرێکی بۆ بکەن!

٥. ڕۆژووگرتن: ئەو پەرستشە جوانەی کە مرۆڤ لە ئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: " مَنْ صَامَ يوماً في سبيلِ اللهِ باعَدَ اللهُ بينَهُ وبينَ النارِ سبعِينَ خَرِيفاً " رواهُ البُخَارِيُّ "واتە: هەرکەسێک تەنها یەک ڕۆژ لە پێناو خودادا بەڕۆژوو بێت، خودا حەفتا ساڵ لە ئاگر دووری دەخاتەوە".

تینوێتی و ماندوێتی ڕۆژوو دەڕوات، تەنها پاداشتەکەی دەمێنێتەوە و ڕۆژووگران لە دەروازەی "ڕەییان"ـەوە بە شکۆوە دەچنە ژوورەوە.

**٦. تەقوای خوا:** تەقوا واتە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خودای گەورە و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی.

قورئان پڕە لەو مژدانەی کە دەڵێ بەهەشت تەنها بۆ پارێزکاران و "موتتەقین" ئامادە کراوە.

**٧. شەونوێژ و بڵاوکردنەوەی سەلام و خواردن دان بە خەڵکی:** لە بەهەشتدا ژوورگەلێکی شەفاف و ڕووناک هەن، خودا بۆ ئەو کەسانەی ئامادە کردووە کە خواردن دەبەخشن، سەلام و ئاشتی بڵاو دەکەنەوە، و لە درەنگانی شەودا کاتێک خەڵکی

خەوتوون، ئەوان هەڵدەسن شەونوێژ دەکەن و دوعا و نزا دەکەن.

٨. ڕەوشت بەرزی: زۆرترین شتێک کە خەڵکی دەباتە بەهەشتەوە بریتی یە لە تەقوای خوا و ڕەوشت جوانیی، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " أكثرُ ما يُدْخِلُ النَّاسَ الجَنَّةَ تقوى اللهِ وحُسْنُ الخُلُقِ " رواهُ الترمِذِيُّ بسندٍ حسنٍ.

زانایان دەڵێن: تەقوا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تۆ و خودایە، ڕەوشتی جوانیش بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تۆ و خەڵکییە. ڕەوشتی جوان هەموو وتە و کردەوەیەکی شیرین دەگرێتەوە کە لەگەڵ دەوروبەرتدا هەتە.

**٩. هاوڕێی چاک:** مرۆڤ لەسەر ڕێباز و ئایینی هاوڕێکەیەتی. وەکو پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: " الرَّجُلُ على دِينِ خليلِه؛ فلينظُرْ أحَدُكم مَن يخالِلُ " رواه الترمذي بسند صحيح. هاوڕێی چاک وەک ڕێنیشاندەرێکە بەرەو بەهەشت. چەندین کەس هەبوون کە تەنها بەهۆی دانیشتن لەگەڵ کەسانی خواناس، ڕێگەی ڕاستیان دۆزیوەتەوە و ژیانیان گۆڕاوە.

**١٠. گەڕان بەدوای زانستدا:** زانستی شەرعی چرایەکە ڕێگەت بۆ ڕۆشن دەکاتەوە تا بزانیت خودا چی پێ خۆشە و لە چی تووڕە دەبێت. هەرکەسێک هەنگاوێک بنێت بۆ فێربوونی زانستی شەرعی، خودا ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، وەکو پێغەمبەری

خوا ﷺ فەرموویەتی: " مَنْ سَلَكَ طَرِيقاً يلتمسُ فيهِ علْماً سَهَّلَ اللهُ لهُ بهِ طَرِيقاً إلى الجَنَّةِ " رواه مسلم.

**١١. دڵێکی بێگەرد (قلب سليم)**: ڕۆژی قیامەت نە ماڵ سوودی هەیە و نە منداڵ، تەنها "دڵێکی پاک و سەلیم" نەبێت، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾﴾ (الشعراء : ٨٩) دڵی سەلیم ئەو دڵەیە کە لە ڕق و کینە و حەسوودی و گومانە خراپەکان پاک بووەتەوە.

**١٢. نەبەستنەوەی دڵ بە دونیاوە:** دونیا وەک کاتژمێرێکی کورت وایە، عاقڵ ئەو کەسەیە کە دڵی

بە قیامەتەوە دەبەستێت. پێغەمبەرﷺ سەبارەت بە دنیا دەفەرموێت: "مَا الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إلَّا كَمَا يَجْعَلُ أَحَدُكُمْ إِصْبَعَهُ فِي اليَمِّ فلينْظُرْ بِمَ يَرْجِع " رواهُ مسلِم.

واتە : دونیا لەچاو قیامەتدا وەک ئەوە وایە یەکێکتان پەنجەی بخاتە ناو دەریاوە، با سەیر بکات چی بە پەنجەکەیەوە دەگەڕێتەوە؟!". ئەو دڵۆپە ئاوەی بە پەنجەتەوەیە دونیایە، و دەریاکەش قیامەتە.

بۆیە هەر کەسێک دڵی بە یادی قیامەت پڕ بکات و بەچاوێکی کەم سەیری دنیا بکات، ئەوە لەسەر خێرێکی زۆرە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە تێڕامان لەو ئایەت و فەرموودانە بکات کە وا دەکەن دنیا لە چاوتدا بچووک ببێتەوە و شەوق و ئارەزووت بۆ قیامەت زیاد بکات، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە

ئامادەکاری بۆ دوارۆژ بکەیت و کار بۆ ژیانێکی نەمریی ئەبەدی لە بەھەشتدا بکەیت.

**لە کۆتاییدا...** لە پەروەردگار داواکارین

ھەموومان لە جەنناتی نەعیمدا کۆبکاتەوە، لەگەڵ پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەھیدان و پیاوچاکان.

---

**لە بڵاوکراوەکانی**

**ماڵپەڕی بەھەشت و وەڵامەکان**

ba8.org walamakan.com

**ئێرە سکان بکە**

خەڵاتەکانی ئەم پرۆژەیە لە لایەن

(**ناوەندی تیشك) ەوە** بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

دابین کراوە .

---

سەرجەم کتێبەکانی ئێمەش لە لایەن ناوەندی

تیشکەوە چاپ دەکرێت و دەست دەکەوێت.

**ناونیشان**

سلێمانی – بازاڕی ئاوباریک – نهۆمی یەکەم

دوکانی ژمارە ٦٩–٧٠

---

گەیاندن هەیە بۆ سەرجەم شارەکان

٠٧٧٠١٤٣٢١١٣